# سەرکەوتنی کورد، پەیوەستە، بەگۆڕینی ناخی تاک

**ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی.**

**ئارام هادی**

گۆڕینی ناخی مرۆڤ، دەتوانم بلّێم کاری هەرە لەپێشینەی، (ئەکادیمیای ساسەت و هزری دیموکراسی ) یە، لەبەرئەوەی بە گۆڕینی ناخ و ئازاد بونی ئەقلّ، لەدەست کۆت و بەندەکان، ئەوا کۆمەلّگایەکی تەندروست دێتە بەرهەم، کە دواجار هەر گەلی کورد قازانجی سەرەکی دەبینێت لەم بابەتەدا،

هەلّەی هەرەسەرەکی کە تا ئێستا گەلی کورد، پێوەی دەنالّێنێت، نەبونی وشیاریەکی نەتەوەییە، بەجۆریک تاکی توشی گێژاوێک لە سەرگەردانی کردوە، ئەگەر مرۆڤ بە قولّی بیربکاتەوە، ڕێگاکانی خۆ دەولّەمەندکردن، بەبیر و بۆچونی پێویست پڕبکاتەوە زۆرن، گومانیشی تێدانیە تامەزۆریی تاکی کوردی بۆ شکاندنی تینوێتیەکەی بە کلتورە سروشتیەکەی خالّیکە دەبێت هەولّی ڕاستەقینەی لەگەلّ بدرێت، چونکە بە بڕوای من لە ئێستادا گەلی کورد ئامادەیی ئەوەی تێدایە، کە نزیک بێتەوە لە بیرە نەتەوەییەکان.

ئەمەش لە دوای ئەوە دێت، کە لەڕابردوودا، زۆرترین فکر و سیستەمی بیگانە لە ولاّتی ئێمە تاقی کرایەوە، بەلاّم هیچی نەبوە جێگەی دلّخۆشی، نمونەی فکرە (چەپەکان، لیبڕالّ دیموکرات، ئیسلامی سیاسی بە هەردوو بەشی توندڕە و میانڕەو، هتد..)، ئەم سیستەم و فکرانە نەبونە سەرچاوەی ئیلهام بۆ گەلی کورد، یان بەشێوەیەکیتر گەلی کوردیان لە دۆزە پیرۆز و ڕەواکەی نزیک نەکردەوە. لەکاتێکدا کەرەستەی گۆڕانکاری لە باشوری کوردستاندا زۆرن، بەلاّم لە ڕابردوودا حزبە سیاسیەکانی کوردستان نەیان توانیوە یان نەیان ویستوە، سود لەو کەرەستانە وەربگرن، بە درێژایی ماوە 24سالّ لە حکومڕانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا گەل نەهاتۆتە سەر ڕێچکەی سروشتی خۆی، کە دەتوانرا لە ڕوی (سیاسی، کۆمەلاّیەتی، ئابوریی)، و سەرجەم کایەکانی ترەوە، وشیاریەکی پێویست نیشانی گەل بدرێت.

بۆئەم مەبەستە پەروەردە کردنی بەردەوامی تاک پێویستیەکی حەتمیە، کە بە بەردەوامی لە ئەکادیمیاکاندا، گەل پەروەردە بکەین، بەداخەوە گەلی کورد لە ئەکادیمیا کۆمەلاّیەتیەکان بێ بەشە، هەرچەندە کەم تا زۆر ئەکادیمیای حزبی هەن لە باشوری کوردستاندا، بەلاّم کیشەکە لەوەدایە، کاری ئەم ئەکادیمیایانە پەروەردەکردنی تاکە بۆ خزمەتی حزب، نەک بۆخزمەتی نەتەوە.

لێرەدا (ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی) کە ڕێکخراوێکی ناحکومیە و سەربە هیچ حزبیکی سیاسی نیە، مۆڵەتی فەرمی لە ( فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان) وەرگرتوە، کاردەکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فکریەی، کە لە ئێستادا لە باشوری کوردستان بەدی دەکرێت، کاری ئەم ڕێکخراوە قازانج نەویستە و بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردی کاردەکات، بە کردنەوەی بەردەوامی خولی پەروەردەیی، لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەمەبەستی ئامادەکردنی گۆڕینی زهنیەتی تاک لەو گێژاوەی تێی کەوتوە، ئامادەکردنی تاک بە ئەقڵێکی نەتەوەیی سەردەم، کە لەگەڵ ئەمڕۆی ناوچەکە و جیهان بگونجێت، سەرچاوەی وزەی لەبەردەست بۆ گۆڕین و بەهێزکردنی ناخی مرۆڤ، کلتوری سروشتی و پەتی کوردییە، چونکە ئەگەر لەمێژوو بڕوانین، گەلی کورد خاوەنی چەندان، پێشەنگایەتی جیهانیە، لە ڕووی شارستانیەت و پەیامە ئاسمانیەکان و شوێنی لەدایک بونی هەردوو لانکەی مرۆڤایەتییە.

(ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی) هیچ مەبەستێکی تایبەتی بۆ بەرژەوەندی ئەکادیمیانیە، تەنها لەبەرژەوەندی گشتیدا کاردەکات و بڕوای وایە، لەبەدەست هێنانی قازانجی گشتیدا، ئێمەش وەک ئەکادیمیا قازانج دەکەین، لەلایەکیترەوە ئەم ئەکادیمیایە، مرۆڤ بۆ حزبی سیاسی پەروەردە ناکات، تەنها بۆ کورد و کورد بون، تاکی کوردی پەروەردەدەکات.

نمونەی ئەم ئەکادیمیایە لە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهانی و ناوچەکەش هەیە، تەنانەت لەهەردوو بەشی باکوری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانیش هەن، لەبەر ئەمە بەباشمانزانی کە لێرەش ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە.